


# بیرەوەریی کەسێک کە  تاوانکار لەدایک بوو

یوهان بورگێن

لە نۆرویژییەوە: ئیسماعیل ئیسماعیل زادە



٣٠ی ئازاری ٢٠٢٢ چیرۆک

## لەبارەی نووسەرەوە

یوهان بورگن (١٩٠٢-١٩٧٩) نووسەر، شانۆگەر، ڕۆژنامەنووس و ڕەخنەگری ئەدەبی، لە کریستیانا (ناوی کۆنی ئۆسلۆ پێتەختی نۆرویژ) لەدایک بوو. لە ساڵانی نێوان ١٩٥٠ بۆ ١٩٦٠دا یەکێک بوو لە بەناوبانگترین نووسەرانی نۆرویژ. لە

ساڵی ١٩٥٤ەوە بۆ ١٩٦٠ سەرنووسەری گۆڤارێکی ئەدەبی بوو بە ناوی Vinduet. بورگن لە سەرەتادا زۆر لەژێر کاریگەریی کنوت هامسۆن نووسەری بەناوبانگی نۆروێژیدا بوو، بەڵام دواتر بوو بە تەنزنووسێکی ناسراو و هەستیار. خوێنەر لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا دەتوانێ ڕەنگدانەوەی ئەم پرسیارانە بخوێنێتەوە: پرسیار لەبارەی ناسنامەوە کە من کێم؟ من چیم؟ چۆن دەتوانم لەگەڵ کات بڕۆم؟ من کەسێکم یان چەند کەس؟ بە تایبەتی لە ڕۆمانی سیانی "وایڵفرێد ساگن لە لیللەرود" ١٩٥٥، سەرچاوەکانی تاریکایی ١٩٥٦، ئێستا ئەومان لەگەڵە ١٩٥٧ و لە ڕۆمانی زۆر مۆدێرن و دەگمەنی "من"١٩٥٩دا ئەو پرسیارانە دەبیندرێن.

لە ڕۆمان و چیرۆکەکانی 'بورگن'دا، مرۆڤ خۆی لەنێوان هەڵسوکەوتی جوان و نسێکانی خۆیدا دەدۆزێتەوە و دیسان بزر دەبێتەوە. لە داهێنانی بیرۆکەی نیوەوشیارانەدا زۆر لێزان بوو. ئەو بیرۆکانەی بە دوو یان سێ ئاست و زیاتر دابەش دەبوون و لەنێوان یەکتریدا هاتوچۆیان دەکرد، واتە حاڵەتێک لەنێوان خەو و بەخەبەربووندا.

لە بەرهەمەکانی بورگن‌دا دەتوانین ئاماژە بکەین بە: توولەڕێی ئەوینداری، لیللەرود، سەرچاوەکانی تاریکایی، ئێستا ئەومان لەگەڵە، من، ترۆپکی شین، مژی سوور، باسکی من ڕیخۆڵەی من، درەختە تەنیاکان لە دارستاندا، سەرکەوتن، لەم هۆدەیەدا..

....

لەم کورتەچیرۆکی "بیرەوەریی کەسێک کە تاوانکار لەدایک بوو"دا لەگەڵ منداڵێک و خوشکە گەورەکەی، دایک و باوک و باپیریان ئاشنا دەبین. منداڵەکە پێی وایە کە هەرچی گەورەتر بێت باڵای بچووکتر دەبێتەوە و ئەگەر بەپێی خۆی بڕوات ناتوانێت سەر کالیسکەکە ببینێت و ئەوەش بەو واتایەیە کە ئەو بچووک بووەتەوە. پێی وایە ئەگە لە کالیسکەکەدا ڕاکشێ باڵابەرزترە و بچووکەکان دەستیان پێی ڕاناگات. سەرلەبەری چیرۆکەکە بەپێی ئەم خراپتێگەیشتنەوە داڕێژراوە. تێگەیشتنی منداڵ کرچ و کاڵە. بۆ نموونە ئەگەر منداڵەکە کارێکی خراپ بکات باوکی لێی دەدات. ئیتر منداڵەکە عادەت بە لێدران دەگرێت و هەمیشە ئەو کارانە

دەکات کە نەشیاون. لەلایەکی دیکەوە منداڵەکە بە هۆی ناکامڵبوونی پێی وایە کە گۆچانەکە باپیرییەتی. باپیری نەخۆشە و لە هەورەبانەکە کەوتووە و کاتێ شتێکی پێویست دەبێت بە گۆچانەکەی لە عەرزەکە دەکوتێ. دایک و باوکی منداڵەکەش بە یەکتری دەڵێن بچۆ بزانە باپیرە بۆ وا دەکات، ئیتر لە منداڵەکەش وایە کە دارەکە باپیرێتی و خودی باپیریشی پیرەپیاوێکی دیکەیە لە هەورەبانەکە.

هەر لە سەرەتای چیرۆکەکەوە بۆ خوێنەر ڕوون دەبێتەوە کە خراپتێگەیشتن هەوێنی سەرەکییە. منداڵەکە خراپ تێدەگا و دایک و باوکیشی خراپ لە منداڵەکەیان دەگەن.

ئاخێوەر یەکەم کەسی تاکە، بە جۆرێک کە خوێنەر وا هەست دەکات بەسەرهاتەکە لەلایەن منداڵێکەوە دەگێڕدرێتەوە. ڕستەکان سادەن و دور و درێژ، ڕێک وەکوو قسەکردنی منداڵان. بەردەوام لە ڕووداوێکەوە بۆ ڕوودەوێکی دیکە دەچێت. ڕووداوەکان هیچ پێوەندییەکیان بە یەکترەوە نییە. ئاخێوەر بیر لە شتێک دەکاتەوە و لە ناکاو باسی شتێکی دیکە دەکات. لێرەدا بەرەوڕووی دوو باوک دەبینەوە کە هەرکیان توڕە و گرژن. باوکی ئاخێوەر و باوکی یون، منداڵی دراوسێکە.

وەرگێڕ

**بیرەوەریی کەسێک کە تاوانکار لەدایک بوو**

باپیرم گۆچانێکە.

ئەو لە هەورەبانەکە دەژیت و عەرزەکەی ئەوێ کوتەکوتی دێت. ئەمە ڕێک ئەو کاتەیە کە خەوتووم و خۆم تەڕ کردووە، من میزم بە خۆمدا کردووە، بەڵام کاتێ دەمەوێ بخەوم ویشکم، لەبەر ئەوەی ئەوان منیان گۆڕیوە.

جارێکیان باپیرم هاتە خوارەوە، باوکم هێنای. باوکم وتی کە نایەوێ زۆر لە دۆخی باپیرم بزانێت، باوکم لەم کوتەکوتە بێزار بووبوو. باپیرم خڕۆکەیەکی هەبوو. دەدرەوشاوە. پڕ بوو لە وردەکون، لەوسەری ئەوسەر دانرابوو. دایکم بە بۆڵەبۆڵ

وتی کە باوکم دەیەوێ باپیرم بباتەوە سەرێ، بەستزمانە، نەیدەتوانی کوتەکوت بکات، ئاخر کاتێک باپیرم لە خوارێ دەبوو ئیزنی نەبوو کوتەکوت بکات. دواتر باوکم باپیرمی دەبردەوە سەرێ. دیسان من خۆم تەڕ کردەوە لەبەر ئەوەی گوێم لە دەنگی کوتەکوتەکە بووەوە.

باوکم لە سەرێیە.

کە دێتەوە خوارێ و دێت بۆ لام کەمێک دەترسم، دڕکی سوور بە تەواوی دەموچاوییەوەیە. کاتێ لە کالیسکەکە دادەبەزم باوکم بەرەو ئاسمان ئاماژە دەکات و دەڵێ: تۆ سەیری ئەو فڕۆکەیە بکە، منیش بەرەو ئاسمان باوەشم دەکەمەوە و ئەویش ئەمەی زۆر پێ خۆش دەبێت و دەڵێ ئەع. دایکم دەڵێ: ئەوە بەس فڕۆکەیەکە و دەچێت بۆ کۆپنهاگن! تۆ بۆ بیر لەوە ناکەیەوە کە ئەو منداڵە ئیتر بێجگە لە فڕۆکە سەیری هیچ شتێکی دیکە ناکات و ڕۆژ هەتا ئێوارە سەری بەرەو حەوا دەبێت! باوکم دەمشکێنێت و دوور دەکەوێتەوە. نێرەهەنگ بە کەسێک دەکوترێ کە دەگیزێنێت و دوور دەبێتەوە، کوڵکنە و لەبەر تیشکی هەتاودا سوور دەنوێنێت. باوکم بۆ خۆی نێرەهەنگێکە.

دایکم لە پەنامە. لووتە چڵمنەکەی خستووەتە ناو زارمەوە. دەنگێکی بلاوێنە. شتێک لە خوارەوەمە کە ناوی لیللەسۆستەرە بەڵام من ناتوانم ببیینم. کەچی خەریکە کالیسکەکە وەرگێڕێ بۆ ئەوەی بێتە سەرێ بۆ لای من. دەبێ زۆر بچووک بێت. لە بن منەوەیە، لە بنی بنەوە. خۆزیا گەورە دەبووین و بمانتوانیایە بچین بۆ ئاسمان.

ئێستاکە بچووک بوومەتەوە. هاتوومەتە خواری خوارەوە، لەو کەسەش بچووکتر بوومەتەوە کە پێی دەکوترێ لیللەسۆستەر. کەچی ئەوان بەوە دەڵێن گەورەبوون.

سەرچەفێکی سپی لە ئاسمانەوەو بە بن هەورەبانەکەی باپیرەوە شۆڕ بووەتەوە. سەرچەفەکەم ڕاکێشا و هەرچی لەو سەرە بوو بەربووەوە. وەکوو وتم شتەکان ڕژانە خوارخوارەوە! باوکم بە هەڵەداوان هاتە سەرێ و هەر وەکوو ئەوێجار گوڕاندی کە باپیرە هێنایبوونە خوارەوە. وتم: ئەع، ئەوە دەیەوێ بە فڕۆکە دەموچاوی جوان بکات بەڵام توند پیلمی گرت. ئیتر ئەعام بە خۆمدا کرد. دایکم بە لووتە چڵمنەکەیەوە هات بەڵام باوکم وتی توتکەسەگ و دواتر منیش وتمەوە توتکەسەگ.

لووتی دایکم وشک بوو و دموچاوی باوکم چاک بووەوە و وتییەوە توتکەسەگ. منیش پێم وتەوە توتکەسەگ. لیللەسۆستەر قیژاندی چونکە گەورە بووبوو.

ئێستاکە ئیتر ناتوانم ڕابکشێم، چونکە ئەوان وتیان کە من دەتوانم بە پێ بڕۆم. کورت و کورتتر دەبمەوە. کاتێک پێ هەڵدەگرم بە جێی نێو کالیسکەکە دەبێ بچمە سەر عەرزی، جا ئەو کات دەتوانم سەر هەڵبڕم و سەیری کالیسکەکە بکەم. دەمەوێ بزانم بۆ ئەوەی گەورە دیار بم تا چەندە نزم ببمەوە. لیللەسۆستەر چووە ئاسمان هەر وەکوو هەموو ئەو شتانەی کە لەوێن، ئەو دەتوانێ بیانهێنێتە خوارەوە. لیللەسۆستەر دەڵێ کە چۆلەکە وەکوونێ ئێمە خواردن دەخوات. چۆلەکەیەکی بۆ خستینە خوارەوە و دواتر ئەو دانەیە بوو بە سەدان چۆلەکە. لیللەسۆستەر زۆر زۆر مێهرەبانە.

کاتێک دەچییە دەرەوە، بە پێ ڕۆیشتن گەمەیەکی خۆشە. پێشتر زۆر پاڵکەوتبووم و سەیری سەرەوەم دەکرد و تەنیا خەتی هاتوچۆ بۆ کۆپێنهاگنم دەدیت، بەڵام ئێستاکە دەشتوانم سەیری قامکەکانی پێم بکەم کە لە خوارەوەی خۆمن نەک لەسەر لێفەکە. هێندێک شتی سپیم تێوە پچرابوو و تەڕ بووم بەڵام هێشتا میزم بە خۆمدا نەکردبوو. ئەوێ کات کە لە قەرەوێڵەکەی دایکمدا ڕاکشابووم، باوکم وتی: وابا شەقفلێک لە بیرەکە بدەین. دایکم وتی: هەر وەک وتت بۆ ماوەی پێنج ساڵ. باوکم وتی پێم کە ئەگەر بچم لەوێ ڕاکشێم لێم دەدات. لیللەسۆستەر وتی کە پێمان خۆش بوو پێکەوە بچینە ئەوێ و ڕاکشێین. چەند خۆشە لێم بدرێت.

خۆم گەیاندە هەورەبانەکە. زۆرم پێ چوو. باپیرەم لەوێ نەدیت بەڵام پیاوێک لەوێ ڕاکشابوو و چاوی لە سەرەوە کرد و وتی ئەع. لەسەر قەرەوێڵەکە ڕاکشابوو ڕێک وەکوو ئەوکاتەی کە من گەورە بووم. ئەو ڕاکشابوو و سەیری هەڵکشان و داکشانی ئەو خڕۆکەیەی دەکرد کە لە قوژبنەکەی سەر خۆیەوە بە چەندین تاڵەوە هەڵواسرابوو. دەبێ هەورەبانێکی دیکەش لە سەرەوەی ئێرەکانە هەبێت. هەروەها باپیرێکی دیکە و ڕەنگبێ پیرەپیاوێکیشی تێدا بێت کە ئاگای لەو باپیرەمە. لە قەرەوێڵەی ناو هۆدەی ئەو پیرەپیاوەدا ڕاکشام. چاوم بە باپیرم کەوت. لە شانی پیرەپیاوەکەوە، لە قەرەوێڵەکەدا ڕاکشا. پاشان پیرەپیاوەکە لەگەڵ باپیرم دەستیان

کرد بە کوتەکوت لە عەرزەکە. دایکم هات و منی بردە خوارەوە بەڵام لووتی تەڕ نەبوو و وتی کە وادیارە من ئیشتیام لە تێهەڵدرانە.

کاتێک کە لە پانتۆڵەکەمدا میزتم دەمەوێ لە هەورەبانەکە لەگەڵ لیللەسۆستەر بم. ئەوان زۆر جار وتوویانە کە وا دیارە ئیشتیام لە لێدانە.

ئێستا زۆر کورت بوومەتەوە. گەورە دەبمەوە. کاسەی پیساییکردن لەژێر قەرەوێڵەکەیە، ئەمەیان باشترە بۆ میزتێکردن.

من پێشتر مردبووم. زۆر گەرم بوو. ئەوان قسەیان نەدەکرد، تەنیا ورتەورتەیان دەهات. پیاوێک لە سەری سەرەوە بوو، ڕێک وەکوو ئەو شتە خڕە کە لە سووچەکەی سەرەوەی ماڵی پیاوەپیرەکە شۆڕ بووبووەوە. ئەو پیرەپیاوەی کە لەسەر قەرەوێڵەکە ڕاکشا و ئاگای لە باپیرم دەبوو. جاروبارە ئەوان زۆر بە سرتە دەیانکوت مرد، بەڵام من گوێم لێ بوو. هەموو لووتیان نەرم و دموچاویان جوان بوو. منیش دەمەوێ بمرم.

بەڵام دەبوو جارێکی دیکە پێ هەڵگرمەوە و بە هەمان ڕادە کورت ببمەوە. ئێستا ماوەیەکی زۆرە کە نامرم. ئەوان بە دەنگی بەرزەوە قسە دەکەن. ئێستا لێم نادرێت. من و لیللەسۆستەر لەوێ بووین و خۆمان خستە ناو بیرە روونەکە. هەموو قیژاندیان.

من لە هەورەبانەکەی پیرەپیاوەکە و باپیرم بووم، لەسەر پلیکانەکانەوە هەڵخلیسکامە خوارەوە. باوکم وتی تولەسەگ، منیش پێم وتەوە. باوکم دەڵێت کە من زمانم گۆ دەکات بەڵام ئەوکاتی کە گەورە بووم باشتر دەمتوانی قسە بکەم. ئەمێستا وەکوو لیللەسۆستەر نیم و ناتوانم قسەی زۆر بکەم.

کەیکێکی گەورە بە سێ مۆمەوە لەو سەرە دانرابوون کە من پێشتر بەرم دابووەوە خوارێ. هەموو وتیان سێ مۆم، هەر سێ مۆمیشی لێ بوو. زگم وەژان کەوت.

من بیرم لە مۆمەکان دەکردەوە کەچی خەوم لێکەوت. لە پێشدا بەنێکی ڕەش بوو، پاشان ئەوان چەند چیلکەیەکی پێکراویان هەڵگرت، بەنە ڕەشەکان گڕیان گرت.

من دوو قوتووی پڕ له چیلکه‌ی بچووکم هه‌ڵگرت و خستمه بن باڵنجه‌که. سێ قوتووشم خسته نێو قه‌ره‌وێله‌ی لیلله‌سۆته‌ره‌وه. کاتێک باپیره و پیره‌پیاوه‌که پێکه‌وه له عه‌رزه‌که ده‌کووتن و دایکم به کافه‌وه ده‌چێته سه‌ره‌وه، به‌و چیلکانه مۆمه‌کان داده‌گیرسێنم. له‌و شوێنه‌ی که که‌یکه‌که‌ی لێ دانرابوو شتێک شۆڕ بووبووه‌وه، دامگیرساند. پاشان شتێکی دیکه‌شم داگیرساند که له‌سه‌ر کورسییه‌که بوو و پێشتر که‌یکه‌که‌ی تێدابوو. ئه‌و په‌ردانه‌شم داگیرساند که به په‌نجه‌ره‌که‌دا هه‌ڵواسرابوون. هه‌ر ئه‌وه‌نده به‌س بوو که چیلکه‌کان له قوتووه‌که بخشێنی، ئیتر داده‌گیرسان. دایکم به پلیکانه‌کاندا هاته‌خواره‌وه. به‌دوای ئه‌ودا باوکم. پاشان هه‌مووان هاتن و هێندێک ئاویان پێداکرد. زۆر خۆش بوو، به‌ڵام هه‌موو ڕووناکییه‌که‌یان په‌ککخست.

باوکم وتی که وادیاره ئیشتای لێدرانم کردووه. به‌ڵام لێم نه‌دراوه. جارێکی دیکه هه‌موو قوتووه‌کانم خسته ناو قه‌ره‌وێڵه‌که‌ی لیلله‌سۆسته‌ره‌وه. بۆ سبه‌ینێ دایانده‌گیرسێنمه‌وه.

لیلله‌سۆسته‌ر پێی خۆش نییه. لیلله‌سۆسته‌ر تێکچووه. کوڕێک له پشته‌وه‌ی بیره‌که‌دا ده‌ژییت. ئه‌و ده‌ڵێت که لیلله‌سۆسته‌ر به‌س کچێکه و هیچی دیکه. ده‌ڵێ که ده‌بێ من شقارته‌کان بێنم، شقارته‌کان هه‌ر وه‌کوو چیلکه وان. پاشان پێکه‌وه ئه‌م خانووه و خانووه‌کانی دیکه ده‌سووتێنین. ئه‌وه‌ی له‌سه‌ر منه هێنانی چیلکه‌یه به‌پێی پێویست.

باوکم شقارته‌کانی شاردووه‌ته‌وه، به‌ڵام دۆزینه‌وه‌شیان ئاسانه. شقارته‌کان پێشتر له‌سه‌ر شۆمینه‌که بوون و من ناچار بووم چنگ گیر بکه‌م و قولێکی چاکیان لێ داگرم به‌ڵام ئه‌م جاره‌یان شقارته‌کان له کابینێتی چێشتخانه‌دا له پشته‌وه‌ی ئه‌و فلاسکانه‌ن که بۆ شووتن دانراون. من و لیلله‌سۆسته‌ر هه‌موو شه‌ربه‌ته‌کانی نێو فلاسکه‌کانمان خوارده‌وه و دواتر خۆم مرانده‌وه، که‌چی ئه‌وان هیچ ورته‌یه‌کیان نه‌کرد. باوکم وتی که دایکم ده‌بوو فلاسکه‌کان بشارێته‌وه. من و ئه‌و کوڕه هه‌موو ئه‌و شقارتانه‌ی که پێشتر باوکم له پشت فلاسکه‌کاندا شاردبوونییه‌وه، بردمانه پشته‌وه‌ی ئاوده‌ستخانه و له‌وێ له پشت سندووقێکدا شاردمانه‌وه.

له پێشدا له بیره‌که‌دا ئاگرمان کرده‌وه به‌ڵام دانه‌گیرسا. پاشان ئاگرمان له ئاوده‌ستخانه‌که‌دا کرده‌وه، جوان داگیرسا. باوکم و پیاوه‌که‌ی دیکه که باوکی ئه‌م کوڕه‌یه، هاتن. که‌مێکش ئاگرمان له‌و ماڵه به‌ردا که باوکی ئه‌م کوڕه لێوه‌ی هاته

دەرەوە. کوڕەکە ناوی "یۆن"ە و باوکی لە باوکم تووڕە بوو. باوکی منیش لێی تووڕە بۆوە و پێی وت کە ئەوە "یۆن"ە هەموو شقارتەکانی دۆزیوەتەوە! بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە من بووم ئەو شقارتانەم دۆزیبووەوە کە باوکم لە پشتەوەی فلاسکەکاندا شاردبوونییەوە. لیللەسۆستەر بە هۆی خواردنەوەی ناو فلاسکەکانەوە لە هەموو کەس نەخۆشتر بوو. لە سەرەمەرگدا بوو. لیللەسۆستەر هەمیشە بەختەوەرە.

یۆن لاسارە.

من ئیزنم نییە کە لەگەڵ یۆن کایە بکەم. ئێمە هەمیشە پێکەوەین. ئێستا باوکم شقارتەکان ناشارێتەوە، بەڵام بۆشمان نادۆزرێنەوە. باوکم هێندێک شت دەسووتێنێت. هەموو ئەوانە دەسووتێنێت کە لە شوومینەکەدان. دواتر قوتووە شقارتەکە دەخاتە ناو گیرفانی پانتۆڵەکەیەوە. من مقەستی دایکمم هەڵگرت کە لەسەر مێزی مەکینەی درووماندەکە بوو. گیرفانم بۆ پانتۆڵەکەم ساز کرد. پاشان لە پشت سندووقەکەی پشتەوەی ئاودەستخانەکە کە پێشتر ئاگرمان تێدا کردبووەوە قوتوویەکم دۆزییەوە. خستمە گیرفانی پانتۆڵەکەمەوە، لەوێدا گیری کرد. ئێستا دەڕۆم، لە گیرفانی پانتۆڵەکەمدا هەڵمگرتووە و ناخزێت.

باوکم وتی: ئەوە ئەو توڵەسەگە دەڕوات، جا چاو چاو، چۆن قوتووەکەی هەڵگرتووە!

دواتر قوتووە شقارتەکەیان دۆزییەوە. دایکم گریا. باوکم چووە دەرەوە و شەق دەرکەی پێوەدا. منیش پێم خۆشە فێر بم کە ئاوا شەق پێوەی دەم. باپیرم دەستی کردەوە بە کوتەکوت. منیش لە پانتۆڵەکەمدا میزتم بۆ ئەوەی دایکم دڵی خۆش بێتەوە. دواتر لیللەسۆستەر لە کاتی دوورینی جلی بووکەڵەکەی بە قوماشی ماکسی دایکم، قامکێکی خۆی بریندار کرد، دیسان پزیشکەکە هاتەوە. لیللەسۆستەر هەمیشە بەختەوەرە.

یۆن لاسارە. ئەو پێی خۆشە کە هەمیشە لەگەڵی کایە بکەم. باوکم بەڵێنی پێ داوم کە لێم بدا، ئەو مێهرەبانە. پیرەپیاوەکەی وا لەگەڵ باپیرەم لە قەرەوێڵەیەکدا دەنوون ناوی شوێنێکی لە مێشکدایە بە ناوی گۆڕستان. ئەو بە ترۆمبیل بردرایە ئەوێ. دایک و باوکم بارگە و بنەیان بردە هەورەبانەکە. باپیرە لەو سووچەدا ڕادەوەستێ کە تۆڕێکی سپی پێوەبوو.

لیللەسۆستەر ماکسییەکەی دایکمی لەبەر کرد. منیش کڵاوی باوکم لەسەر کرد. پاشان باپیرمم لە دەستی وەرگرت و پێکەوە چووین بۆ پیاسەکردن بۆ شوێنێکی دوورتر لە پشتەوەی گردەکانی "ستورەباککێن"، ئەو شوێنەی کە ئێمە ئیزنمان نەبوو بچین. ئەوێ کانێکی بەردە کە لیللەسۆستەر بە ماکسییەکەی دایکمەوە لێی هەڵدێردرا و دیسان خەریک بوو بمرێت. پاشان بردرایە نەخۆشخانەکەی شار. زۆرم لێدرا، هەموو بەشانس بوون بێجگە لە باوکم کە لە لێدانی من ماندوو دەبوو، لێدانەکە زۆر بەژان بوو. کە ماندوو دەبوو دەستی ڕادەگرت بەڵام من خۆشحاڵ بووم بەو بەشەم کە لێم دەدرا. یۆن هەموو ڕۆژێک لێی دەدرێت، ئەو لاسارە – پاش لێدرانیش پێی خۆشە لەگەڵی کایە بکەمەوە.

دایکم دەڵێ کە باپیرم مردووە بەڵام ئەوە تەنیا لەبەر ئەوە بوو کە باپیرم لە سوچێکی هۆدەکەدا ڕاوەستابوو. ئەوم لەگەڵ بوو کە چوومە لێواری کانەبەردەکە بەڵام کە لیللەسۆستەر هەڵدێردرا ئەوم لەبیر چوو! قەیناکە ڕۆژێکیان دەچم و لەگەڵ خۆم دەیهێنمەوە. ئیدی دایکم ناگرییت. باوکم و ئەو پیاوەی دیکە ئاودەستخانەیەکی دیکەیان ساز کردەوە و ئیستا یۆن دەیەوێ شقارتەکان بدۆزنەوە بۆ ئەوەی ئەوان بتوانن ئاودەستخانەی نوێ بۆ خۆیان ساز بکەنەوە.

باوکم دەڵێ کە من ئێستاکە کوڕێکی باڵخۆشم و سێ ساڵی دیکە دەچمە خوێندنگە. سێ ساڵ هەر ئەوندە دەخایەنێت کە مۆمی سەر ئەو کەیکە داگیرسێنیت و پاشان لێت بدرێت. باوکم دەڵێت کە خوێندنگا شوێنێکە وەکوو ماڵ و پڕە لە منداڵ. بەڵام من بە دایکمم وت کە ئەو وتویەتی من دەچمە ماڵێکی گەورەی پڕ لە منداڵ و لەوێ کەیکێکی هاوشیوەی ئەوە دەسووتێنم، ئیتر دایکم خاتوونێکی هێنا. دەنگی وەکوو دەنگی ئەو خاتوونانەیە کە لە خوێندگەی منداڵاندا دەبیسترێت. لێی پرسیم کە دەتوانم جیاوازی نێوان باڵندەیەک و ئەو جۆرە گۆچانە ببینم کە بۆ باران بارین پێیەتی! وتم باپیرم خۆ باڵندە نییە. خاتوونەکە وتی کە ئەمە چ پەیوەندییەکەی بە باپیرمەوە هەیە. خاتوونەکە شێتۆکە بوو.

بەڵام شەوێ گوێم لێ بوو دایکم بۆ باوکمی گێڕاوە کە خاتوونەکە وتبووی من بە مردنی باپیرم حەپەساوم. بەڵام بە دڵنیاییی مەبەستی ئەو گۆچانەکەیە. چاک بوو ئەوەشم وت کە باپیرم لە لای کانەبەردەکە ڕاکشا و من لە بیرم چوو بیهێنمەوە.

دایکم چاوێکی لە باوکم کرد، باوکیشم سەرێکی لەقاند و پەرداخێکی نێو دۆلابەکەی خواردەوە.

منیش سبەینێ سەرم دەلەقێنم و پەرداخێکی نێو دۆلابەکە دەخۆمەوە.

زۆر باش ڕاهاتووم دەرکەکان شەق پێوەدەم و سەرم بلەقێنم. سەرلەبەری ئەمڕۆ سەرم لەقاندووە بەڵام ئەوکاتەی پەرداخێکی نێو دۆلابەکەم هەڵگرت و دەرکەکەیم شەق پێوەدا، ئەوان بە پەلە هاتن و پەرداخەکەیان لێ وەرگرتم، کەچی من هێشتا سەرم دەلەقاند. پاشان پزیشکەکە هات و وتی کاتێ کە لیللەسۆستەر لە کانەبەردەکەڕا هەڵدێردرا من گۆچانێکم پێبووە. وتم کە ئەو گۆچانەی پێم بوو باپیرم بوو. دایکم وتی کە ئەو خاتوونەش هەر وای وتبوو. منیش وتمەوە بەس گۆچانێک، ئیتر سەرمم لەقاندەوە. پزیشکەکە وتی دانەیەک. وتم بەڵێ بەڵێ، گۆچانێک. بە تووڕەییەوە سەیرێکی دەرێی کرد. بەڵام ڕۆژی دواتر خاتوونەکە هاتەوە و پێم وت کە هەر گۆچانێکم پێ بوو. وتی کە ناوی گۆچانە بەڵام ئەو خاتوونە شێتۆکەیە.

لیللەسۆستەر لە نەخۆشخانەوە هاتەوە بۆ ماڵێ و ئێستا سەرلەبەری ڕۆژەکە کایەی نەخۆشخانە دەکەین. لە ناکاو دایکم چووە دەرەوە و دەبوو لیللەسۆستەر ئاگای لێم بێت. ئەو سۆندەی گازی چێشتخانەکەی لە قونمرۆکرد، بەڵام لاقمی شکاند لەبەر ئەوەی کە نائاسایی گەشەی کردبوو. کەمێک دێشێ، بەڵام دەیووت کە ژانی هەیە. پاشان دەرزییەکی درووومانی لە قۆڵم ڕۆکرد بۆ ئەوەی زۆری ژان نەبێت، قیژاندم و پێم وت کە دەستی شکێ. دواتر دایکم و ئەو خاتوونە هاتنەوە ماڵێ. دیتیان کە سۆندەیەکی گاز لە قونمدایە و دەرزییەک لە باسکمدا و لیللەسۆستەر بەرگە باڵنجێکی بە دموچاویەوە نابوو کە نەکا بیگرێتەوە، پاشان قیژاندی لەبەر ئەوەی کاتێک دەرزییەکەی پێدا کردم من تێیم سرەواند. بەڵام ژنەکە وتی کە لیللەسۆستەر زۆر بێتاقەت دەبێ لە ئێرەبیبردندا، ئەوە جۆرێک پەردە بوو بۆ پەنجەرەکە، کەچی لیللەسۆستەر وتی کە ئەوە بەرگی باڵنجە و هەر واش بوو، چونکە ئێمە قەت پەنجەرەمان نەبووە و ئەوەش گەمەیەکی تەواو بوو لەگەڵ ئێمە.

لیللەسۆستەر بەڵێنیی پێدا بووم کە سبەینێ ئەشعە دەگرین بەڵام بە دزییەوە دەچینە ژێرخانە تاریکەکە و بە کەس ناڵێین..